ژماره
120
ساڵی حەوتەم ٢٠١١/١/٢٥
بەکاتی: هەڵفرینی زین العابدین


## خەبەر عاجیل

پەیامنێرمان لە وڵاتی توونسەوە کە بۆ کڕینی ئەلبوومی گۆرانییەکانی لەتیفە توونسی رۆشتبوو، ئەم خەبەرە عاجیلەی بۆ هاوردین، گوایە زەینولعابدینی سەرۆکی هەڵاتووی وڵاتی توونس لەعانی فجوقکردنیدا بە تاقی تەنیا رایکردووە و فریا نەکەوتووە جزدان و مومتەلەکاتەکەشی لەتەک خۆیدا ببات حەزیشی نەکردووە وەکو سەدام حسین لەناو کونە جرج و شتی وادا بیگرن و بە پشتەمل بیهێننە دەرەوە، بۆیە بە بەحەیاو حورمەتی خۆیەوە بەرەو شوێنێکی نادیار فجوقی فەرموو، ئێوەش دەتوانن لەپاشماوەی خەبەر عاجیلدا سوراغێکی بکەن!. ل٣٧



## دڕکبژێر



ئەم برادەرە بۆ واقی وڕماوە؟ ل3



بۆ ئەم رەحمەتە، ئەی بۆ ئەو؟ ل10



ئەم کابرایە خەیاڵی لەچی داوە؟ ل20


www.gep-media.com
E: gepgovar@yahoo.com
Tel: 0750 704 3082
گۆڤارێکی مانگانەی کاریکاتێرییە
ئەوەڵ ژمارە ٢٠٠٤/١٠/١
لە دەستمان دەرچوو
متمانەی ژمارە (٨٤) ی ٢٠١٠/١/٧ی
سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانی پێداوە

**خاوەنی ئیمتیاز**
**ئیسماعیل بەرزنجی**

**سەرنووسەر**
**محەمەد قادر**
sardamm2003@yahoo.com

**نوێنەری گۆڤار لە دهۆک**
**سەردار کێستەیی**
serdar_kesteyi@yahoo.com

**نوێنەری گۆڤار لە سلێمانی**
**پەروەر**
Tel: 07701492911

**دەستەی نووسەران**
رەوف حەسەن
حسن العانی
رێبوار ئدریس
نەجات حەمید
سالار حەسەن
کەژاڵ ئیسماعیل
کەریم مودەریس

**هونەرمەندانی کاریکاتێریست:**
عەلی مەندەلاوی
عەلی دەروێش
خضیرالحمیری
سەردارکێستەیی
پەروەر
سالم سەلیم
سۆران کوردپوور
ئەحمەد مەندەلاوی
رۆستەم زادە (ئامۆ)
زێرەڤان سالَح
سەید مەحمود موکری
سەرتیپ فەتاح
ئاراس باڵاتەیی
سەربەست ئەفەندی
فەرەیدون هاوار
بابان

**نووسەرانی بەشداربوو**
ئەحمە نۆکە
بەختیار حەسەن
رەفعەت کەرکوکی
شوان غەمبار
کاروان فەتحی
مەنسور دەروێش زادە
توانا حسین شێخانی

ناونیشان: هەولێر- گەرەکی ئەندازیاران

چاپخانەی موکریانی- هەولێر

**بەڕێوەبەری هونەری و نەخشەرێژ**
**رزگار فەقێ عەوڵ**
rzgarfaqe@yahoo.com

**بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی**
**چیار ئەحمەد سالار**

**ماڵپەڕ:**
رێباز نەجات

**دیزاین**
چیارئەحمەد
دلاوەر جەمیل

**سەرپەرشتی چاپ:**
هێمن نەجات


هەر دەزگاو کتێبخانەیەک ویستی بەشداری لە کڕینی گەپ هەیە، پەیوەندی بەم ژمارانەی دەزگای تەتەرەوە بکات
٠٦٦٢٥٥٢٢٢٥ ٠٦٦٢٥٥٢٢٢٤ ٠٦٦٢٥٥٢٢٢٣


نرخ: ٥٠٠ دینار ئەگەر فریای بکەویت
تیراژ: ٤٠٠٠ دانە

## سەروتار



## بەمەزندە



* بەمەزندەی دەسکراوەکانی بواری سیاسەت، دوای ئەوەی بۆ رازی کردنی هەموولایەک مالکی چەندین وەزارەتی بەکورسی و بێ کورسییەوە لکان بە کلکی حکومەتەکەیەوە، پێشبینی دەکرێت ماوەیەکی تر عەددەی وەزیر لە گزیر و ژمارەی قیادە لە قاعیدە زیاتر بێت لە عێراقدا، کورسیش لەگەڵ بایعیدا تەوزیع بکات، هەتا ماڵی بێ کورسی نەمێنێت ...

* بەمەزندەی زەوقچیەکانی مەجالی تەعلیمی دراسی، پاش ئەوەی کچان فێربوون قۆپیە لە نێو سنگ و ژێرتەنوورە دەشارنەوە، چاوەڕوان دەکرێت مودەتێکی تر ئەزمونە گشتیەکان ببێتە یەکەم بەکارهێنەری ئەو کامێرەیەی بەرووتی خەڵکی پیشان ئەدا هەتا پرۆسەکە بەرێکوپێکی بەرێوە بچێت ..

* بەمەزندەی خەبیرەکانی ماڵی زیادە سەرناشکێنێت، دوای ئەوەی رۆژانە هەر هەندر لە کارەبا ئەدرێت و هەواڵی زیادبوونی پێ بڵاوئەکەنەوە و هەر ئەکوژێتەوە، لەوانەیە ماوەیەکی تر ئەوەندە کارەبامان زیاد بکات بە جۆرێک کەس کارەبای نەبێت !!

*بەمەزندەی قۆزوقیت لەبەرکەرەکان، مادام زۆربەی زۆری زانکۆو پەیمانگاکانی کوردستان بوونەتە شوێنی نمایشی جلوبەرگی ملەوەن و سیباقانێی زیرەکی لەلەبەرکردنیاندا، لەوانەیە مودەتێکی تر بەشی ( فاشیونی) و کۆلیژی (لەبەرکردن) بکرێتەوە، بە تەئکید لە کولیەی توب و هەندەسە دەرەجەی زیاتری ئەوێ!...

## شاشەی tv یەکان

* لە ڕیلامێکی هەزەلی و بەتام و چێژی کەناڵی سپیدەدا، ڕیزێک دەنکە برنج هەڵپەڕکێ دەکەن، گوایە هیچ برنجێکی ئەم دونیایە شان نادا لەشانی برنجی شادی، بەڵام پاش کەمێک ڕیکلامی برنجی موحسین قیت دەبێتەوەو برنجی شادی بەدرۆ دەخاتەوە.

* لە شاشەی سەتەلایتی گەلی کوردستانداو لە عانی گەرم و گوڕی هەواڵەکاندا نوسرابو: بەڕێز د.کامەران ئەحمەد ساڵح لەگەڵ ئەحمەدی نەژادی سەرۆک کۆماری ئێراندا کۆبۆوە، هەر باش بوو نەیوت کامەران عومەر!

* جارێک لە کەناڵی ئاسمانی کوردسات و جارێکیش لە کوردستان تیڤی هەروەک بەڵێنیان بەیەکتری دابێ، لە گەرمەی چاوپێکەوتن و مێزگرددا کەوتە سەر فیلم کارتۆنی تۆم و جێری!

* لە شاشەی کوردستان تیڤیداو لە بەرنامەی زوم ئیندا، لە یەکێک لە گوندەکانی بەرزنجەدا گەلەگورگ لە ئاژەڵەکانی دابوو، کەچی لەسەرەوە لەجیاتی بەرزنجە نوسرابو: هەڵەبجە!!







## نوکتەی سەفەری

* منداڵێک لەسەر دیوار کەوتە خوارەوە، دایکی بردیە لای دکتۆر، دکتۆریش مەرحەمی لێدا، منداڵەکەش گووتی: دکتۆر من دەستم شکاوە کەچی تۆ مەرحەمت داوە بەمن.. دکتۆریش گوتی: ئەگەر کرمت نەبا، نەدەچوویتە سەر دیوار، دەستیشت نەدەشکا..!






سالار حەسەن

## نامەیەک لە باشوری کوردستانەوە/ بۆ باشوری سودان

لە وردە بەفری کوێستانانەوە
لە باشورەکەی کوردستانەوە
لە بەشی سەروی ئەلعێراقەوە
لە عێراقی بێ ئیتیفاقەوە
نامەیەک دەدەین بەدەست ڕەشەبا
بەرەو باشوری سودانی ببا
بۆ ئەو هەرێمەی کە چەندین ساڵە
جێگاو مەسکەنیان خێمەو ڕەشماڵە
ئەوەی پێی بڵێی لە عیلم و زانست
جێی نەبۆتەوە لەو خاکە یەک بست
لە تەکنەلۆجیا تەواو بێبەشن
لەوەتای کە هەن هەر چارە ڕەشن
کاس و بێئاگان لەو دورە جێیە
نازانن ڕۆستەم نێرە یان مێیە
لە پێش مردنی جۆن قرنقەوە
هەر مافتان دەخۆن بەفستەقەوە
حەسەن تورابی و عومەر ئەلبەشیر
خۆیان بۆ باکور کردبوە پەنیر
ئێستاش ئەو باسەی جێی سەرسوڕمانە
ڕیفراندۆمەکەی ئەمجارەتانە
ئێوە سەلماندتان زۆر کوڕی چاکن
عەینەن ئێمەی کورد زۆر نیەت پاکن
تاکە ئامانجێک سورن لەسەری
سەربەخۆییە بێ دەردەسەری
هاو نشینانی ئێمەش لەباشور
هیچ حیساب ناکەن بۆ یاساو دەستور
نە بەڕاستگۆیی دەبنە برامان
نە دێڵن خۆیشمان بگرێ جرامان
باقی وەسەلام سەد خۆزگە ئێمەش
سەربەخۆ دەبوین شوکرین بە خێمەش.






# تەعەجوب

برادەرێک زۆر جێی سیقە بوو ئەگەر سوێندیشی نەخواردایە باوەڕم پێدەکرد وتی: لەشارۆچکەی (سەیدصادق) لە مەعرەزەکە سەیارەیەکی عولوجم کڕی بە بیست و پێنج هەزارییەکی سورو هاند موبایلێکی صینی عادی!!

لە (سلێمانی) لای فولکەی دەستارەکەوە ساڵ و نیوێکە پەنجاوپێنج ماڵ داوا لە حکومەت دەکەن تاسەیەکی پلاستیکییان بۆ دروست بکات بۆ پاراستنی گیانی منداڵە خوێندکارەکان لەکاتی پەڕینەوەیاندا، کەچی حکومەت دەڵێ: بەخوا تاسە شک نابەم!!

پرۆژەی (گۆران سیتی) بە سیپۆنسەری (کۆمپانیای بەڕێز) بۆ دروستکردنی خانوی قەرەبوی ٩٣٠ شەهیدی کیمیابارانی (هەلەبجە) بە حکومەت و کۆمپانیاکەشەوە تاکو ئامادەکردنی ئەم تەعەجوبەش هیچیان دیارنییەو خۆشیان نازانن خەریکی چیین؟!!

ڕۆژانە بە سەدان تەنکەری نەوت لە مەرزی (باشماخ) و سنوری (پێنجوێن)ەوە ئیحالەی (ئێران) دەکرێ، بەڵام عەجەبا خەڵکی ئەو مەملەکەتە چۆڕێک نەوت لەماڵیاندا نییە بیکەنە ناو شەمسەدینەکانیانەوە!!

مەنتیقە صیناعییەکەی شاری (سلێمانی) دوو ساڵە بڕیاری قیرتاوکردنی بۆ دەرچوە، وەلێ تاکو ئێستاش لەوێ خەڵک بە جزمەو پۆستاڵەوە قوڕی خەست دەشێلن!!



